ئوم حوفەید پوری ئیبن عەباس کەشک وپەنیر وبزنمژۆکی وەکو دیاری بەخشی بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وپێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- کەشک وپەنیرەکەی خوارد، بەڵام وازی لە بزنمژۆکەکە هێنا؛ چونکە حەزی لێی نەبوو

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «ئوم حوفەید پوری ئیبن عەباس کەشک وپەنیر وبزنمژۆکی وەکو دیاری بەخشی بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وپێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- کەشک وپەنیرەکەی خوارد، بەڵام وازی لە بزنمژۆکەکە هێنا؛ چونکە حەزی لێی نەبوو»، ئیبن عەباس دەڵێت: «(بزنمژۆک) دەخورا لەسەر سفرەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئەگەر حەرام بووایە؛ لەسەر سفرەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەدەخورا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عبداللەی کوڕی عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە پورێکی بە ناوی ئوم حوفەید کەشک وپەنیر وبزنمژۆکی وەکو دیاری بەخشی بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وپێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- کەشک وپەنیرەکەی خوارد، بەڵام وازی لە بزنمژۆکەکە هێنا ونەیخوارد؛ چونکە حەزی لێی نەبوو، ئەمیش بەهۆی سروشتی خۆیەوە نەک حەرام بێت لە ڕوانگەی ئاینەوە؛ وهۆکارەکەیشی باسکرد ئەویش ئەوەیە کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو ئەم جۆرە گۆشتە نەبووە -هەروەکو لە گێڕانەوەکانی تردا هاتووە-، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گۆشتی بزنمژۆک حەرام نییە، بەڵکو لە سروشتی خۆی حەزی لێنەبووە، پاشان ئیبن عەباس بەڵگەیەکی تری باسکرد سەبارەت بە حەڵاڵ بوونی خواردنی گۆشتی بزنمژۆک ئەویش ئەوەیە لەسەر سفرەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ بزنمژۆک دەخورا، وئەگەر حەرام بووایە؛ ئەوا ڕازی نەدەبوو بخورێت لەسەر سفرەیەک کە ئەو خواردنی لەسەر دەخوات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64650